حکومەتی هەرێمی کوردستان: گەشتیاران لە ڕێگەی ماڵپەڕەی وەزارەتی ناوخۆوە دەتوانن ڤیزا بە شێوەی ئینلاین وەربگرن

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، گەشتیاران لە ڕێگەی ماڵپەڕەی وەزارەتی ناوخۆوە دەتوانن ڤیزا بە شێوەی ئینلاین وەربگرن، بە ئەو مەبەستە ئەستا پێدانی ڤیزا بە گەشتیارانی بیانی بە دو شێواز دەکرێت.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڤیزای ئینلاین، کە پێشوختە گەشتیاران لە ڕێگەی وێبسایت، لە وەزارەتی ناوخۆی داوا دەکەن و دوای ڕەزامەندی، ڤیزا وەردەگرن، هەروەها ڤیزای ئەن ئەراڤە، ئەو ڤیزایەیە کە هەڵگرانی پاسپۆرتی 53 وڵات دەتوانن لە کاتی هاتنیان بە هەرێمی کوردستان لە فڕۆکەخانە وەریبگرن و پێویست بە داواکاریی پێشوختە ناکات.
ئەحمەد وشیار، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر ڕایگەیاند، "ئەو وڵاتانەی کە ڤیزە بەخۆڕایی و بەبەرامبەر دەدەنە هاوڵاتییانی خاوەن پاسپۆرتی عێراقی، بە هەمان شێوە هاوڵاتیی ئەو وڵاتانە، کە دێنە عێراق یان هەرێمی کوردستان بەبەرامبەر دەتوانن ڤیزا وەربگرن".
لەلان حەمید، بەرپرسی بنکەی نشینگە و پاسپۆرت لە فڕۆکەخانەی هەولێر دەڵێت، "دو جۆر ڕێکارمان بە هاوڵاتییانی بیانی هەیە؛ ئەوانەی کە هەڵگری پاسپۆرتی 53 وڵاتن لە کاتی هاتنیان بە هەرێمی

کوردستان لە فڕۆکەخانە دەتوانن ڤیزا وەریبگرن بەرانبەر بە بڕێک پارە، ئەوانی دیکە پێویستە ڕێزامەندیی پێشوەختەیان هەبێت و ڤیزا پێشکێشی بێشی ڤیزەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بکەن؛ دوای ڕێزامەندیوەرگرتن دەتوانن بێن بە هەرێمی کوردستان".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گێشتیاران لە ڕێگەی کارتی بانکییەوە بەی 72 دۆلار لە بەرامبەر وەرگرتنی ڤیزا دەدەن.